لە گەڕەکەکی شاری سلەمانی بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری خێپشاندان ئەنجامدرا



لە سلەمانی پێشنیوەڕەی ئەمڕە دانیشتوانی گەڕەکی موکریان لە سلەمانی، بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان وەک (ئاو و کارەبا) چەند خزمەتگوزاریەکی دیکە گردبوونەوە و ناڕازایەتییان ئەنجامدا.

بەوتەی هاوڵاتیانی نارازی گەڕەکی موکریان، ماوەی چەندین ساڵە لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بەبەشن و تا ئێستاش لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵامی داواکانیانەوە نەداونەتەوە و کێشەکانیان چارەسەر نەکراوە.

هەروەها ئەوشیان خستەڕوو کە تائێستا جادە و کارەبانەکانیان بە قیرتاو نەکراوە و پرۆژەی ئاویان نیە و بینای خوێندنگەشیان نییە لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری دیکە.